# دەسەڵاتی بێ ئۆپۆزسیۆن

کەریمۆك
kerimokc@yahoo.com



رەخنە وەك یەکەیەکی زیندووی بواری رۆژنامەگەری لەنێو رۆشنبیری ئێمەدا نەبۆتە فەرهەنگو کایە کۆمەڵایەتییەکانی پێ ئاشنا نەبووە، دەسەڵاتیش هەمیشە لەرەخنەگرتن ترساوەو رەخنەی وەك پرۆسەیەکی چاکسازی و بەخۆداچوونەوە نەناسیوە، هەندێ جاریش تائاستی دوژمنکاری لەکەسی رەخنەگری روانیوە، لەدەرەنجامدا پرۆسەی رەخنەگرتن لەکوردستان وەك وێنەیەکی ناشیرین لەزهنی دەسەڵاتدا جێگربووە. بۆیە رایەڵەکانی نێوان رۆژنامەو حکومەت لەو پەڕی لاوازی دایەو ئەو هەموو نووسینو رەخنەیەی ئاراستەی دەزگاکان دەکرێت، ئەو هەموو قسەیەی لەسەر گەندەڵی و فایلەکان خرانەروو بێ ئاکام کەوتنەوە. دەگمەن نەبێت، ستوون یان ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی نەیتوانیوە وەزیرێکی گەندەڵ، بەڕێوەبەرێکی گشتی، تەنانەت فەرمانبەرێکیش لەسەر کار لاببات! بەدیوێکیتر رەخنە نەبۆتە بزوێنەری بۆچوونەکانی تاكو نەیتوانیوە هێزو زیندویەتی بەگروپەکانی فشار ببەخشێت!.

لەم نێوەدا بەپلەی یەك دەسەڵات بەرپرسیارە، چونکە لەماوەی ئەم شانزە ساڵەدا لەبەرنامەیدا نەبووە رەوشێك فەرهەم بکات تا ئۆپۆزسیۆن و دەنگی جیاواز لەدەرەوەی خۆی گەشە بکاو لەدایك بێت، بەردەوام دیدێکی نەیارانەی بۆ ئۆپۆزسیۆن هەبووەو هەرواش لەلای ئەندامەکانی وێنای کردووە. لەجیاتی چارەسەرو چاکسازی هەمیشە لەخەمی شاردنەوەو روکەشکردنی کەموکوڕیەکانی بووەو فەزلو چاکەکانی خۆشی بەخەڵك فرۆشتۆتەوە، لەم پێناوەشدا چەند قەڵەم بەدەستێکی خۆی تەیار کردووە، ئەوانیش بێ گوێدانە پەیامی وشەو ئەرکی مێژوویی خۆیان، بەئاڕاستەی بەرژەوەندی حزب قەڵەمەکەیان باداوە.

دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کەفاکتەری بەزیندوو مانەوەی حکومەتو دەستاودەستکردنی دەسەڵات بوونی ئۆپۆزسیۆن و دەنگەجیاوازەکانە، زەمینەسازی بۆ هاتنەکایەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە هێزی نوێبوونەوەو بەردەوامیە بۆ بەدەسەڵات. دەسەڵات و حکومەتی بێ ئۆپۆزسیۆنیش درەنگ یان زوو هێدی هێدی لەتۆتالیتاریەت نزیك دەبێتەوە!.

ئەگەرچی کوردستان لەسەرێگەی کرانەوەو دیموکراسیدایە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت فشار بۆ تۆخکردنەوەی ئاماژەکانی دیموکراسی یان کاڵکردنەوەی ئەو ئاماژانە بەندە بەئەکتیف بوونی تاکەکانو بوێری گروپەکانی فشار، چونکە هەم دیکتاتۆریەت و هەم دیموکراسی رەنگدانەوەی رەفتارەکانی جڤاکە. جڤاکی زیندوو بواری تاکڕەوی نادات و چاودێرە بەسەر حکومەتو دامودەزگاکی کارگێڕی دەوڵەت.